ASOY
Rojhelat

NO:(51)tus 1/12/2009

asoyrojhelat@yahoo.com

سەرنووسەر: سالار پاشایی
دەستەی نووسەران: ئەنوەر ئەسەدزادە ـ ئەردەلان فەرەجی ـ مستەفا زاهیدی ـ هیوا سەلیمی ـ هوشیار مەحموودی
بەڕێوەبەری ناوخۆ: سامان ریشە ساحێب
چاپە رۆژهەلات

بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد، ئەرکە نیشتمانییەکان و بزووتنەوەی سەرتاسەری

هیوا سەلیمی

ئیعدامی بەندکراوی سیاسی کورد، ئێحسان فەتاحیان و نیگەرانی لەهەمبەر چارەنووسی سەرجەمی بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی، شەپۆلێکی گەورەی نارازەیەتی لێکەوتۆتەوە و نارەزایەتییەکان درێژەی هەیە. لە دواینەهەنگاو بۆ مەحکوومکردنی ئیعدامی ئیحسان و لە کاردانەوە بە بارودۆخی نائینسانی بەندکراوانیتر، خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە، کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی بەرپاکرد. بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی رەوانیوز، خوێندکارانی کوردی زانستگای تاران لەم کۆبوونەوەدا بە کۆمەڵێک دروشمی وەک زیندانی سیاسی دەبێ ئازادبکرێت و چەندین دروشمی دیکە، دەنگی ئیعترازی خۆیان بە گوێ دەسەڵاتدارانداگەیاندووە و لەم کۆبوونەوەدا بەشێک لە خوێندکارانی دیکەی زانستگا، بە خوێندکارانی کورد پەیوەستبوون و هەموویان پێکەوە بە سروودی یاری دەبستانی یەکێتی و هاوپشتی خۆیان، راگەیاندووە.

ئەگەرچی سەرجەمی هەوڵەکان بۆ ریسواکردنی جینایەتەکانی دەسەڵات لە لایەن سەرجەمی چین و تۆیژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بایەخی هەیە، بەڵام ئەم هەنگاوەی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران گرنگیەکی تایبەتی هەیە و دەکرێ بەچەشنێک ئەم حەرەکەتە بە باڵغبوونی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد ناودێر بکرێت. پێوەند لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بەچەشنێک ئاوانگاردبوون لەم قۆناغەی خەباتی سیاسی خەڵکی کورد، راکێشانی سەرنجی بزووتنەوەی خوێندکاری سەرتاسەری و دەیان دەسکەوتی تر دەتوانێ وەک هێماکانی ئەم باڵغبوونە، خۆی نیشان بدات و دەکرێ لە بەستێنی ئەم حەرەکەتانە، هەنگاوگەلی جیدی بۆ ئایندە هەلبگیرێت. بزووتنەوەی خوێندکاری کورد تابعێک لە بزووتنەوەی سەرتاسەری کوردستانە، لەم بزووتنەوە هێزدەگرێت و بەنۆبەی خۆشی لەسەر بەرەپێشچوون و گەشەی بزووتنەوەی کوردستان کاریگەری دادەنێت. هەر بۆیە دەکرێ لەم بزووتنەوە وەک ویژادنی بەئاگای کۆمەڵگای کوردستان ناوببرێت و هەرچەند ئەم بزووتنەوە، واتە بزووتنەوەی خوێندکاری کورد، بەهێزتر و یەکگرتووتر بێت، بەهەمان رادە زەرفییەت و تواناکانی بزووتنەوەی کوردستان بەهێزتردەبێت.

مەسەلەیەکیتر کە لە کۆبوونەوەی نارەزایەتی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران جێگەی سەرنجە، پەیوەستبوونی خوێندکارانی غەیرەکورد بەم حەرەکەتە و وتنەوەی هاوبەشی"سروودی یاری دەبستانی"یە. پێش لەهەموو لێکدانەوەیەک, دەکرێ ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی شیاو وەسف بکرێت و ئەمەش بەرهەمی چەندین ساڵەی ماندووبوونی خوێندکارانی کورد بۆ گۆڕینی گوتاری زاڵ بەسەر زانستگاکان و ڕێنوێنکردنی ڕای گشتی خوێندکارانی غەیرەکورد بەرەوە پرسێکی وەک ڕەوابوون و تەنانەت زەرووڕەتی پرسی نەتەوەکانو بەتایبەت کورده. ئەم هەنگاوە جیا لە کۆکردنەوەی هاوپشتی زیاتری بزووتنەوەی سەرتاسەری بۆ بزووتنەوەی کوردستان، دەتوانێ هەنگاوەکانی داهاتووی بزووتنەوەی سەرتاسەریش دەوڵەمەندتر و بەهێزتر بکات. بەشداری نەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەبندەستەکان و بەتایبەت بزووتنەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرتاسەری، لە ئاراستەی ئیژۆلەبوونی بزووتنەوەی کوردستانە و خوێندکارانی کورد بەباشی لەم حەقیقەتە گەیشتوون و ئەم هەنگاوە دەتوانێ سەرەتای لێدانی چەخماخەکانی ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە بێت. گواستنەوەی ئەم ئەزموونەی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد بۆ کۆمەڵگای کوردستان و کەڵکوەرگرتنی زیاتر لە دەرفەتەکان، دەتوانێ هەنگاوەکانی داهاتووی بزووتنەوەی کوردستان مانادارتر بکات.

شەشەمین فێستڤاڵی فیلمی کوردی بەرێوە دەچێت

خانمە هونەرمەندی کورد «بیری شەماشی» لە هۆڵەند، ئەکتەری ناوداری باکوری کوردستان «نەزمی کریک» و هونەرمەندی کورد «هەیڤی ئیبراهیم» لە هەریمی کوردستان. چەندێک لە رۆژانی ٢٠ تا ٣٠ مانگی نوامبر لە شاری لەندەن شەشەمین فێستیواڵی فیلمی کوردی و هەروەها ڕێز لێنان لە یادی دەرهێنەری ناوداری گەورەی کورد «یەڵماز گۆنای» لە لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەڕێوە چوو.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی گشتی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن، پاش دیاریکردنی ئەندامانی لیژنەی ناوبژیوان و هەروەها دوەمین خولی پیشبڕکیی «یەڵماز گۆنای بۆ کورتە فیلم» و بە بەشداری فیلمە بڵندە سینەماییەکان، کورتە فیلمەکان و فیلمە دۆکیۆمینتەرییەکان لە سینەماکارانی کورد و بیانی لە سەرتاسەری دنیا و لە رۆژی ٢٠ نوامبر دەستی پێکرد.ئەم فێستیڤاڵە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ بە نمایش کردنی فیلمە بەشدار بووەکان لە سینەما جۆراوجۆرەکانی لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەردەوام دەبێت.

ئەندامانی لیژنەی ناوبژیوانی ئەم فیستیڤاڵە بریتین لە: سینەماکاری کورد شەوکەت ئەمین کورکی لە هەریمی کوردستان، فیلمناس و تویژەری سینەما «تیم کینیدی» لە بەریتانیا، لە فیلمە سینەماییەکان کە لەم خولەی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەندەن نمایش دەکرین، بریتین لە: فیلمی سینەمایی «کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە» – «بەهمەن قوبادی»، فیلمی سینەمایی «سرتە لەگەڵ با» – «شەهرام عەلیدی» لە هەریمی کوردستان، فیلمی سینەمایی «لە پاش روخان» – «هونەر سەلیم» بەرهەمی هاوبەشی فەرەنسە و ئاڵمان، فیلمی سینەمایی «ئازاد» – «نیکۆلاس تەکیان» لە فەرەنسە، فیلمی سینەمایی «منالانی دیاربەکر» – «میراز بیزار» بەرهەمی هاوبەشی باکوری کوردستان و ئاڵمان، فیلمی سینەمایی «بەهەشت شوینی تیرۆریستان نییە» – «کەیوان مەجیدی» لە کوردستانی ئێران، فیلمی سینەمایی «هەرمان»_«حوسین حەسەن» لە هەریمی کوردستان، فیلمی سینەمایی «هیوا»– «پیتیر نیسیس» بەرهەمی هاوبەشی سوید، نۆرۆێژ و ئاڵمان، فیلمی سینەمایی «ولاتی ئەفسانە» – «ڕەحیم زەبیحی» بەرهەمی هاوبەشی کوردستانی ئێران، عێراق و ئاڵمان.

ئەمریکا ڕاگرتنی خەڵاتی نۆبێلی عیبادی مەحکووم کرد

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە مەحکووم کردنی دەست بە سەرداگرتنی میدالیای نۆبێل و داخستنی حیسابە بانکییەکانی شیرینی عیبادی، داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد کۆتایی بە هەڕەشەکانی دژی ئەم چالاکەی مافی مرۆڤ لە ئێران بێت.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری فەرانسە «داربی گرێت هولادی» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی هەینی لە کاردانەوەیەک بەرامبەر هەواڵنەکانی پەیوەست بە ڕاگرتنی خەڵاتی شیرینی عیبادی و داخستنی حیسابە بانکییەکانی لە ئێران ڕایگەیاند: «ئێمە ئەم جۆرە هەواڵانە بە خراپ و جێی سەرزەنشت دەزانین.»ئەو هەروەها وتی: «ئەمە نموونەیەکی تر لە لەبەرچاونەگرتنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێبەرانی ئێرانەوەیە.»وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەروەها داوای لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی کرد «کۆتایی بە هەڕەشەکانیان دژی عیبادی بێنن و تێکبۆشێت دەنگی هەموو شارۆمەندانی خۆی ببیستێت.»خانمی عیبادی لە کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ باسی لەوە کردبوو کە هەموو حیسابە بانکییەکان و هەروەها موچەی خانەنشینییەکەی خۆی و هاوسەرەکەی لە ئێران ڕاگیراوە ووتبووی کە مەئموورانی کۆماری ئیسلامی تەنانەت «میدالیای نۆبێل، میدالیای لژیون دونۆر، ئەنگوستیلەی ئازادی بەیان و خەڵاتەکانی تری» ناوبراوی زەوت کردووە، لە بەرامبەردا وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاندووە کە مەبەست لە زەوت کردنی ئەو خەڵاتانە، نەدانی باجی (ماڵیاتی) خاوەندارییەتیان لە لایەن شیرینی عیبادییەوەیە.بە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتانە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی نۆرۆێژ ڕۆژی پێنج شەممە هەفتەی ڕابردوو باڵوێزی ئێرانی لە ئۆسلۆ بانگ کردبوو و نارەزایەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە زەوت کردنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی شیرینی عیبادی پێراگەیاندبوو.

شیرینی عیبادی ساڵی ٢٠٠٣ لە پێناو هەوڵەکانی بۆ سەقامگیرکردنی دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی پێبەخشرا.

پۆلانسکی بە دانی وەسیقەی ئازاد کرا

دادگایەک لە سوئیس لە سەر دەرخواستی ڕۆمەن پۆلانسی، دەرهێنەری بەرەگەز لەهێستانی بۆ ئازادی مەرجداری ئەو بە دانانی وەسیقە ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند.

ڕۆمەن پۆلانسکی ٧٦ ساڵە، لە ڕێکەوتی ٢٦ی سێپتامبر لە شاری زوریخی سوئیس لە سەر ئەساسی حوکمێک کە ٣١ ساڵ بەر لە ئێستا لە ئەمریکا بۆ داواکردنی دەرکرابوو، دەستگیر کرا.پۆلانسکی لە ساڵی ١٩٧٧ تۆمەتبار کرا کە لە ئەیالەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کچێکی ١٣ ساڵ تەمەن.ئەو دانی بەوە دا ناوە کە لەگەڵ ئەم کچە پەیوەندی سێکسی هەبووە، بەڵام پاش وەگرتنی بانگهێشتنامەی دادگا، لە ئەمریکاوە بەرەو ئۆروپا هەڵات.بەپێی ڕاپۆرتەکان بڕی وەسیقەی ئازادی پۆلانسکی ٤,٥ میلیۆن دۆلار دیاری کراوە. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ئاسۆشەیتێت پرێس، کاتێک کە ئەو ئەم بڕە پارەیەی بە وەسیقە دانا و ئازاد بوو، دەبێت لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و دەبێت لە ڕێگەی ئامرازە ئەلەکتۆرنیکییەوە کە لە قۆلاکەی لە سوئیس بەکار دەبرێت، دەرخێتە ژێر چاودێرییەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پێشووتر وڵاتی سوئیس بەرامبەر بە ئازادی مەرجداری پۆلانسکی نارازی بوو، وەزارەتی دادگوستەری سوئیس ڕایگەیاندبوو کە دەوڵەتی ئەمریکا بە شێوەی ڕەسمی داوای ڕۆمەن پۆلانسکی ، دەرهێنەری بەناوبانگی بەرگەز لەهیستانی کردووە.

ڕۆمەن پۆلانسکی کاتێک کە بۆ وەرگرتنی خەڵاتێک کە بریار بوو بە بۆنەی ڕێزلێنان لە کارنامەی هونەرەکییەکەی بەو بدرێت، سەردانی سوئیسی کردبوو، دەستگیر کرا.

فیلمی دایکانی من لە هۆڵەند نمایش کرا

فیلمی دیکۆمێنتی «دایکانی من» لە ڕۆژانی ڕابردوو لە سینەماکانی وڵاتی هۆڵەند نمایش کرا. ئەم فیلمە لە دەرهێنانی هونەرمەندانی سینەماکاری کورد ئیبراهیم سەعیدی و زەهاوی سنجاوی–ە بە پاڵشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرهەمهێنراوە.

عەباس غەزالی بەڕێوبەری ئەو بەرهەمەیەو پێشوتریش فیلمی دیکۆمێنتی دایکانی من لە چەندین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتکراوە کە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە

سەرنج

سنور بەزێنی مێژووی نوێ

ئەنوەر. الف

بەبیانووی ڕۆژی ٢٥ نوامبر ڕۆژی نەهێشتنی تونديتیژی دژی ژنان «سەرنج» لەم ستوونەیدا هەوڵ دەدات یەک لەو لایەنو هێزە سیاسیانەی کە بەدرێژایی سی ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هەبووە لە دژایەتی نواندن لەدژی تونديتیژی دژی ژنانو هەروەها هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ بنیاتنانی کولتوورێکی شارستانیانەو دوور لەتوندوتیژی لە کوردستان بەکورتی وەبیربێنێتەوە.

ئەگەر دەورانێک بەهۆی بەهێزبوونی بیری پیاوسالاریو هەروەها مەجال نەهێشتنەوەو بەربەست دانان لەسەر ڕێگەی ژنان، دەرفەتێک نەمابوو بۆ هاتنە مەیدانی ژنانو بەکردەوە دەربڕینی تواناکانیان، ئەگەر ئەو سەردەم ڕێگریيەکان بەپاڵپشتی دەسەڵاتی کۆنەپارێزو دژە ژن مەجالی بۆ دەنگ هەڵبڕینی ژنان بۆ دەربڕینی داواکاری خواستەکانیان نەهێشتبووەو لەهەمانکاتدا بەتوندی مافەکانیان پێشێل دەکراو سەرکوت دەکران، ئەگەر ئەو سەردەم کاری ژنان لەسنووری کاری ناوماڵو بەخێوکردنی منداڵ تێنەدەپەڕیو لەهەمانکاتدا سەرباری ماندووبوونی ڕۆژ و بەردەوام سووکایەتیو بێڕێزیان پێدەکرا، بەڵام لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنەمەیدانی کۆمەڵە وەک هێزێکی سیاسی پێشکەوتوو چەپ لەئاستی خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پێشکەوتنخوازەکانی ئەم هاوسەنگییە گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمەڵە توانی بەهۆی بیری پێشکەوتووی یەکسانیخوازانە گۆمی مەند و نەگۆڕی کولتووری کۆمەڵگا بشەڵەژێنیو جێی پەنجەو مۆرکی خۆی لەکۆمەڵێک لە دیاردەو پرسەکانی کۆمەڵگا بدات‌و بەهەوڵی بێوچانی ڕێبەرانی قورسایی هاوسەنگییەکە بەرەو پێشکەوتنخوازیو داهێنانی نوێ بشکێنێتەوە. یەک لەو پرسە گرنگانە پرسی بێڕێزیو خستنە پەراوێزی ژنانو تونديتیژی نواندن بوو لە ئاستی کاروباری کۆمەڵایەتیو سیاسی لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوونی هەبوو.

ئەگەرچی لەسەرەتادا بیستنی پرسێکی لەوە جۆرە کۆمەڵێک گرفتی جیددی بۆ ژنان لەئاستی کۆمەڵگا دروست دەکرد، بەڵام بەرفراوان بوونی کۆمەڵەو ڕوانینێکی یەکسانیخوازانەی ئەم حیزبە توانی سەرباری گشت ڕێگریو لەمپەرەکان زاڵ بێ بەسەر کولتووری پیاوەزنانەی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای کورديدا. شانازی هێنانە مەیدانی ژنان بۆ بواری کاری سیاسیو بە پێپەش بۆ خەباتی چەکداری بە کۆمەڵەوە گرێدراوە. ئەوە کۆمەڵەو سیاسەتە پێشکەوتنخوازەکانی بوو کە بەلێکدانەوەیەکی ژیرانە لە کۆمەڵگای ئەوکات بیرۆکەی بەشداربوونی ژنانی لەشۆڕشو خەباتی بەپێویستیەکی سەردەم پێناسە دەکرد. هاتنە مەیدانی ژنان بۆ نێوخەباتو دۆزینەوەی شوناسی واقعیی خۆیان لەنێو کۆمەڵەدا بوو بەقورساییەکی بەهێزی ئەم حیزبەو لەهەمانکاتدا بوو بە بنەمایەک بۆ پاشەکشەکردن بە بیرۆکەی پیاوسالارانە لەئاستی کۆمەڵگادا لەدژی ژنان و بوو بە فراوانکردنی پاتنای ئازادی سیاسی و سەربەستانە لە کۆمەڵگای نەریتی کوردستاندا.

ئێستاکەش بێ ڕاڕایی ئەگەر شەپۆلێکی نوێی لەخەباتی ژنان لە بواره جیاجیاکاندا لەئاستی کوردستاندا هاتۆتە ئاراوەو خۆی لە ئێن جی ئۆکان‌و هەندێک ڕێکخراوی داکۆکیکار لەماف‌و پرسەکانی ژنان بینیوەتەوەو تا ئێستاکەو لەگەڵ گشت ڕێگرییەکان توانیویانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت لە شیکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی تونديتیژی دژی ژنان بۆ ژنانی کوردستان، بەشێکی دەتوانرێ بە بەرهەمی کار و ئەزموونی خەباتکارانەی سەختی کۆمەڵە وەک ڕچەشکێنی ئەم ڕێگەیە لەبەرچاو بگیرێت. ئێستاکە بەخۆشیەوە ژنانی کورد توانیویانە لەو مەجالە کەمانەی لەبەردەستیاندایە تا جێگەیەک بۆیان کرابێت دژی تونديتیژی لەپێناو داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان کەڵکیان وەرگرتووە. ڕێپیوانی شاری مەریوان لەدژی کوشتن‌و تونديتیژی دژی ژنان دەکرێت لەم چوارچێوەیدا بنرخێندرێت. ئەگەر سەردەمانێک تونديتیژی دژی ژنان وەک سەروەرییەک بۆ پیاوانی کۆنەپەرەست لەقەڵەم دەدرا و هاوکات ببوو بە تابۆیەک بۆژنانی ژێر دەستە، لەم سەردەمەدا بەخۆشحاڵیەوە هەستانی بەکردەوەوی لەو شێوەیە زۆر قێزەونەو شتی لەو جۆرە لە کۆمەڵگای کورديدا ئێستر ناتوانێ وەک سالانی پێشوو جێگەی خۆی بکاتەوە. هەر وەک وترا بەشێکی زۆری ئەم مێژووە دەچێتە خانەی هەوڵی زۆری کۆمەڵە بۆ نەمانی هەرجۆرە تونديتیژی و بێ مافییەک لەدژی ژنان.